www.kurdistannet.org
19-10-2006 9:06بەكاتی ناوەندی ئەورووپا

## بێ موجامەلە.. ئەگەر بە یەک لەهجە بخوێنین، کوردین.. دەنا: ئەلفاتیحە.. !" موحسین جوامێر



بەر لە ماوەیەك بیسترا و زانرا گوایە بڕیاردراوە لەمەودوا لە هەموو كوردستاندا بە یەك شێوەزاری كوردی بخوێندرێت، ئەویش بەشێوەزاری باو، كە سەدەیەك زێترە بووەتە زمانی نووسراوە كوردییەكان و هەر لە زووەوەش كراوە بە زمانی رەسمی وفەرمانڕەوا.. هەر بۆیەش دەبینیت ئەو كوردە دهۆكی و زاخۆییانەی لە حەفتاكاندا بە كوردی خوێندوویانە، بەتەواوی لەگەڵ كوردی ناوچەكانی دیكەدا لەیەكدی دەگەن و هیچ كێشەیەكیان نییە و حەوجە بەعەرەبی ناكات.. !!

بەندە بەر لە ساڵێك، پەیامێكم بە نێوی (زمانی یەكگرتووی كوردیمان دەوێ!) ئاڕاستەی سەرۆكی كوردستان هێژا مەسعوود بارزانی كرد.. رەنگبێ تێیدا تا رادەیەكی گونجاو و بە تێروتەسەلی لە كەڵك و بەهرەی بەكارهێنانی (یەكزمان یان یەكلەهجە) و زیان وكارەسات لەبەكارهێنانی چەند شێوەزمان، دوابم.. دیسان بەم دواییەش كە دەنگۆی بەكارهێنانی یەك شێوەزار لە كوردستاندا كەوتە بەرگوێم، وتاریكم بە عەرەبی نووسی و لەوانەیە بە پەیامە كوردییەكەوە، توانیبێتم پوختەسەرنجیك گەڵاڵە بكەم كە بەری رامان و تێبینییەكانی نزیكەی پازدە ساڵمە لە خوێندن بە دوو لەهجەی كوردی لە قوتابخانەكانی سویدا.. كە سەرەنجام گەیاندمی بەو قەناعەتە عیلمی و واقیعییەی كە مادەم بە دوو لەهجە دەخوێندرێ، بوونمان وەك كورد لە مەترسی دایە، ئەگەرچی هێندێ خاڵیش ـ جارێ ـ كۆمان بكاتەوە.. ئەگەر سەركردایەتیی سیاسیش خودان بڕیار نەبێت و هێشتا جیددیتر نەبێت، بێی هیچ سێودوویەك دەبین بە گەلانی سۆران و بادینان و هتد، بەڵام تا ماوەیەك لە كوردستاندا.. !

من هاوڕێ لەگەڵ ئەوەی بە نرانی هەنگاوێكی ئاوا كە بەڕاستی زادەی تێگەیشتنێكی واقیعبینانەیە- ئەگەر راست بێت، دڵخۆشم و بەنیشانەی هۆشیاری و تێگەیشتن لە ئێستە و داهاتووی كوردستانی دەزانم، بێگومانم لەوەی تۆزیك پێویستیی بە تێگەیاندن هەیە، چونكە هێندێ كەس ـ بەتایبەتی چینی گەنجی تازەفەریك ـ لەم كەشوهەوا پڕ لە ئازادییە نائاڕاستەكراو و ناعیلمییەدا، زۆر لایان ئاساییە بە زمانی شارەكەی تێیدا لەدایك بوونە، بخوێنن وئەزموونەكەشیان هەر ئەوەندە بڕ دەكات و ئاكامی شتان ناخوێننەوە.. ناشزانن زمانە پەتییەكانی دنیا وەك زمانی كوردی بەدبەخت نەبوون، خاوەنەكانیان زوو كێشەی خۆیان یەكلا كردەوە و ئەو رۆژگارە ترسناكەی كوردیان بەخۆیانەوە نەدی كە هەندێك خەریكە دەڵێن: با خەڵكی كورد هەر هەژدە لەهجە كوردییەكە، بە لەهجەی خۆیان بخوێنن، ئەنجا ـ لەپاش چەند نەوەیەك ـ هەموو لە خاڵێكدا ـ بە خەیاڵ! ـ بەیەك دەگەن وئەوسا زمانێكی ستاندارد ـ بە قودرەتی قادیر! ـ دادەمەزرێ و دەچەسپێت.

بەدووریشی نازانم ئەو زمانە پەتییەی ـ بەم شێوەیە ـ بانگەشەی بو دەكرێ، وەك هاتنی ئیمامی دوازدەم بێت بۆ شیعە، كە هەرگیز بۆ كورد نایەت. لەوانەیە ـ ئەگەر هاتیش ـ لە كوردی بترازێ، هەر سێ زمانی فارسی و عەرەبی و توركی بزانێت.. !

ڕەنگبێ ئەم چەند تێكستەی خوار’ەوە كە نووسەرێكی دهۆكی نووسیویەتی و لە رۆژنامەیەكدا بڵاو كراوەتەوە، ئاماژەیەك بێت بۆ ئەوەی هی وا هەن زۆر بە هەڵە لە شت دەگەن و شتان بە هەڵە لە قەپان دەدەن:

(باشه بۆچی قوتابیی عەرەب ماف هەبێت ب عەرەبی بخوینیت ویی تورکمان ب تورکمانی ویی فەڵه ب سریانی وقوتابییێ کوردێ سۆرانی ب سۆرانی، بۆچی قوتابًییێ کوردێ بەهدینان ماف نەبێت ب زمانێ دەیکا خۆ بخوینیت، هەر چ نەبیت ل قوتابخانا دەستپێکی سەرەتایی) .

به وردیش سەیری ئەم بڕگەیەی نووسەری گۆرین بکەن: (پاشێ ئەڤه مافێ خەڵکی مەیە، چەوا مە نەگوته وان ناچێبیت هوین ب زاراڤێ سۆرانی بخوێنن، هەروەسا ناچێبیت ئەو ژی دیتن ونێرینێن خۆ ـ بێی رازیبوونا مە ـ ل سەر خەڵکێً مە بسەپێنن.. ) . !

ئەوجا با لەم چەند بڕگەیەی خوارەوە ڕابمێنین کە نووسەرێکی هەولێری نووسیویەتی:

(ئەگەر لە خەمی زماندا بین، نابێ بیر لەوە بکەینەوە شێوەزارێکی کوردی بەسەر ئەوانیتردا، بە هەر بیانوویەك بێ زاڵ بکەین. من پێشنیار دەکەم، بەر لە هەموو شتێك، ئەو گۆڤار و رۆژنامانە لەو کوردییە سەقەتە پاك بکەینەوە و دوای ئەوە بیر لە سیستەمی خوێندن بکەینەوە: لە بادینان، لە پۆلی سێیەمی سەرەتاییەوە، هەموو وانەکانیان، یا زۆربەیان بە شێوازی سۆرانی بێ، لە سۆرانیش لە پۆلی سێیەمی سەرەتاییەوە، هەموو وانەکانیان یا زۆربەیان کرمانجی ژووروو بێت.. ئەگەر ئێمە لە مەسەلەی زمانی یەکگرتوودا لە پلەی یەکەمایەتیی هێلکە و مریشکدا بین، نەوەی داهاتوو، پاش سی ساڵی دی کە بەو شێوەیە خوێندبێتیان و هەردوو زاراوە سەرەکییەکە بزانن، دەتوانن یەکەم هەنگاو بەرەو زمانی یەکگرتوو بنێن) .

گەلۆ.. ! خەریکە سەختترین قۆناخ ڕووبەڕووی هەمووان ببێتەوە.. بێجگە لە خودانی ئەو دوو لەهجە سەرەکییە، هی وا هەیە خەریکە لە مەغدوورییان ئاگر بکاتەوە، وا دەزانێ لە دوو لایان چەوساوەتەوە.. ماوەیەك بەر لە ئێستە، یەکێك شیوەنێکی ئەوەندە گەرمی بۆ لەهجە فەرامۆشکراوەکەی خۆی بۆ گێڕام، گریانم لۆ شێوە نازدارەکەی هەولێرم هات، برینم بۆ (کوو)، (لۆ)، (مار نەك ماڵ)، (داك نەك دایك)، (پلك نەك پوور)، (دووکەر نەك دووکەڵ) وهەزارویەك وشە و رستەی هەولێرییانەی دیکە، کولایەوە.. !

به خوێندنەوەی گۆڕەپانی ئەدەبی و زمانەوانی و هەبوونی هێندێ دەست و هەڵوێستی بە مەبەست، لەو قەناعەتە دام دەبێت لە بواری رەسمیدا وەك (روکنێکی دین) سەیری ئەو لەهجەیەی تا ئەمڕۆکە داڵدەی داوین و بۆ ئێمە لە ئاسمانی بەرزیدایە و وەك فریشتەی ڕەحمەتە، بکرێت و هاوکات بە وشە شیرین و لەبارەکانی شێوەکانی دیکە، بیکەین بە بووکی رازاوەی سەرلەبەری کوردەواریمان.

با ئەوەی هەمانە بە خەیاڵی ئەوەی هاتنەکایەی مەحاڵە، سەرنەنێتەوە.. هەر ساردینواندنێکیش یان وەدرەنگخستنێك، ئەوا پەیتاپەیتا لە یەکدیمان دوور دەخاتەوە، هێدی هێدی بیرۆکەی کوردستانی خاوەن کوردیش نامێنێت، بەڵکو وەك عیراق دەبێتە وڵاتێك لە تاریفکردنیدا دەوترێ: " بریتییە لە نەتەوەکانی سۆرانی و بادینی وکەمەنەتەوەکانی وەك... هتد.. ! ".. ئەوسا فیدرالییەتی شارانمان لێ موممبارەك دەبێت وکالاش بەقەد بالا دەبێت.

من مردوو، ئێوە زیندوو.. ئەگەر ـ بەتایبەتی سەرکردایەتیی سیاسی ـ مشووری ئەم دەردە لەنێوبەرە نەخوات، دەشێ ـ لە داهاتوودا ـ وەك خودان کیشەی نەتەوایەتیش ـ نەخرێینە تەرازووی بایەخپێدانەوە و وەك ئەفریقاییەکان ببین بە قەبائیل و مامەڵەمان لەگەڵدا بکرێت و دواجاریش ـ هەرخۆمان ـ ناچار بین پەنا وەبەر زمانێکی بەربڵاو و بەختەوەری بیانی ببەین.

بڕۆن بشگەڕێن، بزانن ئاخۆ لە هەر چوار ئیقلیمی دنیادا گەلێك هەیە بە دوو شێوە بخوێنێت، هەتا ئەگەر لە لووتکەی دیموکراتییەتیشدا بێت.. یاخود دکتاتورییەتی یەکلەهجە کە زامنی مانەوەی یەکنەتەوەییە، وەك نوێژ فەرز کراوە. !

اللهم هل بلغت. ! اللهم فاشهد. !

mohsinjwamir@hotmail. com